https://www.doi.org/10.31918/twejer.2361.05

e-ISSN (2617-0752)    p-ISSN (2617-0744)

# بیروباوڕی ئاینی لە شانشینی ئۆسرۆێنیدا
# (١٣٢پ.ز- ٢٤٢ز)

مژدە ئەکرم ئەبوبکر

زانکۆی کۆیە/- فاکەڵتیی پەروەردە

Mzhda.akram@koyauniversity.org

پ. ی. د کامڕان محمد جەلال

زانکۆی کۆیە/ فاکەڵتیی پەروەردە

kameran.jalal@koyauniversity.org

**پوختە**

"بیروباوڕی ئاینی لە شانشینی ئۆسرۆێنیدا(١٣٢پ.ز-٢٤٢ز)"، لە سەردەمانی پێش مێژووەوە ناوچەکانی ئۆسرۆێنێ بووبووە مەڵبەندی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان. دواتر لەگەڵ سەردەمە مێژووییەکاندا بیروباوڕی فرەپەرستی لەناو گەلانی ناوچەکەدا وەک، خورییەکان بڵاوبۆوە، کە خۆی لە دیاردە سروشتییەکان دەبینییەوە، شارێکی پیرۆزی وەک شاری حەڕان کە پەیوەستکراوە بە حەزرەتی ئیبراهیمەوە هەروەها دەرکەوتنی گروپێکی ئاینی بە ناوی سابیئییەکان، کە تا سەردەمانی ئیسلامیش بەردەوام بوو، ئەمە لە لایەک. لە لایەکی ترەوە، ئەم شارە لە ڕۆژگارێکی کۆنەوە مەڵبەندی پەرستنی خواوەند سین واتە مانگ بووە، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە دواتر ئەم ناوچەیە بە تایبەت ئێدیسای پایتەخت، ببێتە شوێنێکی پیرۆز، بۆ مەسیحییەکانیش ئەوە بوو یەکەمین بڵاوبوونەوەکانی ئاینی مەسیحی پەیوەستکرا بە پاشایەکی شانشینی ئۆسرۆێنێ بە ناوی ئەبگەری پێنچەم، بۆیە لە لای مەسیحییەکانیش وەک شارێکی پیرۆز لێیدەڕواندرا.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، ئەوەیە،کە لەم بیروباوڕانە بکۆڵێتەوە، کە بە درێژایی ئەو سەردەمە لەم ناوچەیەدا هەبوون و وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە؛ کە ئایا تا چەند بیروباوڕەکان تەواوکەری یەکترن و کاریگەرییان بەسەر کۆمەڵگاوە هەبووە؟ هەروەها چونیەتی و سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لەم ناوچەیەدا بکۆڵێتەوە، ئایا تا چەند چیرۆکەکانی تایبەت بەو بابەتانە ڕەگ و ڕیشەی مێژووییان هەیە؟ ئایا ئەم شانشینیە تا چەند ڕۆڵی لە بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت لە ناوچەکەدا هەبووە؟

وشە کلیلییەکان: بیروباوڕی کۆن، حەڕان، باوڕی مەسیحی، سابیئی، شانشینی ئۆسرۆێنی.

## بیروباوڕی ئاینی لە شانشینی ئۆسرۆێنێدا

## (١٣٢پ.ز- ٢٤٢ز)

### پێشەکی

شانشینی ئۆسرۆێنیَ لە باکووری ڕۆژئاوای مێسۆپۆتامیا، دەکەوێتە نێوان ڕووبارەکانی دیجلە و فوڕات لە سنووری باکووری کوردستان و خۆرئاوای کوردستانە، پایەتەختەکەی ئێدیسا(ئورفا)بوو (زەکی: ٢٠٢١، ٢١٥)، ناوی شانشینەکە وا دەردەکەوێت کەسێک بە ناوی (ئاریۆ/ ئۆسرۆ)، کە لە ساڵی ١٣٢پ. ز دایمەزراندووە. هەرچەندە ئۆسرۆ بە ڕەچەڵەک ئێرانی (مەبەست لەگەلانی ئێرانی زمان وەک میدی وفارسی وئەشکانی...) بوو (مجید: ٢٠١٠، ٣٠)، بەڵام فەرمانڕەواکانی دوای ئەو بەهۆی ناوی فەرمانڕەواکانی زیاتر لە عەرەب نزیکتر بوونە. شانشینی ئۆسرۆێنیَ بەپیتترین بەشی باکووری مێسۆپۆتامیای داگیرکردبوو، کەوتبووە نێوان پارتەکان و ڕۆمانەکان لەلایەک، لەلایەکی تر بووبووە ڕێگەی تێپەڕبوونی کاروانە بازرگانییەکانی نێوانیان، کە بە ڕێگای ئاوڕیشم ناسرا بوو (دە ڕوانرێتە نەخشە)، ئەمەش وای کردبوو، کە ببێتە ناوچەیەکی ستراتیجیی گرنگ هەر یەک لەو دەوڵەتانە هەوڵبدات بۆ دەستبەسەرداگرتنی، بۆیە بە درێژایی چەندین سەدە بۆ ئەم مەبەستە، ئەم زلهێزانە هەموو توانایەکی ئابووری و سەربازیی خۆیان خستبووە گەڕ، ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی بۆ ئەم ناوچەیە هەبوو، ئەمەش وای کرد، کە ئۆسرۆێنیَ نەتوانی ببێتە خاوەنی قەوارەیەکی پتەو و سەربەخۆ، چونکە بەردەوام خاکەکەی بووبووە ناوجەرگەی مەیدانی یەکلاکردنەوەی لەشکرکێشییە سەربازی و ململانێ سیاسییەکانی ئیمپڕاتۆرییەتەکانی ئەو سەردەمە (سلوکی و ڕۆمانەکان، پارت و ئەرمەن، پارت و ڕۆمانەکان، ساسانی و ڕۆمانەکان)، هۆکاری هەمیشەیی بوون لەم خاکەدا کە بەردەوام سنووری شانشینەکە

گۆڕانی بەسەردا دەهات و لە کۆتاییدا شانشینەکە لە سەر دەستی ڕۆمانەکان لە ساڵی ٢٤٢ز کۆتاییپێهات (Salman:2008,110).

لەم شانشینەدا لە سەردەمی پاشا ئەبگەری پێنجەم (١٣-٥٠)ز بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لە بابەتە هەرە گرنگەکانی شارستانییەتەکەیە، کە لەلایەن مێژوونوسانەوە گرنگیی زۆری پێدراوە.

لە میتۆدی توێژینەوەی ئەم بابەتەدا، میتۆدی ڕێبازی مێژوویی بەکارهێندراوە، کە خۆی لە خستنەڕووی زانیارییە مێژووییەکان و بەراوردکردنی و شیکاری ڕەخنەییدا دەبینێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە (بیروباوڕی ئاینی لە شانشینی ئۆسرۆێنێدا) لە دوو تەوەرەی سەرەکی  و پوختە و ئەنجامەکان پێکدێت:

لە تەوەرەی یەکەمدا: باس لە بیروباوڕە کۆنەکانی ناوچەکە کراوە، کە لە پێش مەسیحیەتدا لە ناوچەکەدا هەبووە، وەک فرەپەرستی و سابیئی و لە تەوەرەی دووەمیشدا: تیشکخراوەتە سەر سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی و ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانەی کە لە بارەی شێواز و سەردەمی بڵاوبوونەوەیدا هەبوون خراونەتەڕوو.

## تەوەرەی یەکەم

## بیروباوڕی ئاینی شانشینی ئۆسرۆێنێ پێش بڵاوبوونەوەی مەسیحی

دەبینین مرۆڤ لە سەردەمانێکی زۆر زووەوە، بۆ ئاسوودەیی و پاراستنی خۆیان دیاردە سروشتییەکانیان پەرستووە، بۆ هەندێکیان پەیکەریان دروستکردووە، لە باکووری مێسۆپۆتامیا چەندین خواوەند پەستراون وەک (کوممارбی، کوشوخ، شیمیشکی، شوالا، خالدی... هتد)

(غفوری: ۲۰۲۱، ۲۰۲)، هەرچەندە زانیاری لە سەر ئاینی شانشینی ئۆسرۆێنێ پێش سەرهەڵدانی مەسیحی کەمە، بەڵام دەتوانین بە هۆی ئەو زانیارییانەی، کە لە بەردەستدان ئاماژە بەوە بکەین، کە شانشینی ئوسرۆێنێ پێش بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی فرە پەرست بوونە، چەندین خواوەندیان هەبووە، بۆ هەر دیاردەیەکی سروشتی خواوەندێکیان داناوە و پەرستوویانە، گەر سەیری ئێدیسا بکەین، پەیوەندێکی ڕاستەوخۆی بە شارستانییەتەکانی دەوروبەرەوە هەبووە، بۆ نموونە تەدمور لە باشوور، بەڵگەشمان بۆ ئەوە ئەوەیە، کە لە تدمور خواوەندی هەسارەکانیان دەپەرست وەک خواوەندی (بیل) کە خواوەندی خۆر و باوک و باپیران بووە، (بنو - مرکیوری) خواوەندی ئاسمانەکان بوونە و خواوەندی عثارعاثا (أتارغاتیس)[١] خواوەندی دەریا و دەریاچە بووە، ئەم خواوەندانەش لە ئێدیسا پەرستراون، بە تایبەتی خواوەندەکانی (بیل و نیبۆ) ( Drijvers: 1982, 122)، و خواوەندی عەزیزۆس و مۆنیمۆس، کە خواوەندی خۆر بوونە (Thonemann:1915,VOL V,155)، هەروەها مارێلاهێ Marelahe کە گەورەی خواوەندەکان بووە لە ئێدیسا و سوماتار حەرابێسی[٢]، ڕێزی لێگیراوە و ڕۆڵی دادوەری بەسەر مرۆڤەکاندا لە کاتی سەرپێچیدا بینیوە (Kubiak: 2016, 332)، بۆ هەر یەک لەم خواوەندانە پەیکەر دروستکراوە، تەنها بۆ خۆر نەبێت کە بە تە ختێکی شاهانە نوێنەرایەتی دەکرا بەبێ پەیکەر، هەروەها پەیکەری خواوەند ئەپۆلو بە قەلغانەوە دەردەکەوێت، کە حەربەیەکی بەدەستەوە بووە و بە دەستێکی تریەوە چەپکە گوڵی پێبووە، لە هەمانکاتدا پەیکەریان بۆ پاشا و شاژن و پاڵەوانەکانیان و پیاوانی ئاینی دروستکردووە (سیغال: ۱۹۸۸، ٦٠). هەروەها لەم دواییانە دراوێک دۆزراوەتەوە، کە تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی معنوی نۆیەم لە سکەدراوە، بۆ ئیلاگابالیوسی ئیمپراتۆری ڕۆمانی (۲۱۸-۲۲۲ز)، کە لە دیوێکی خواوەندێکی تێدایە کە لە ڕووبارێک مەلەدەکات، پشکنینی وێنەکانی پێش هێلینی لە ناوچەکەدا دەریدەخات، کە ئەو خواوەندەی

قسەی لەسەر دەکریت خواوەند نێرگاله[٣]، خوداوەندی جەنگ و نەخۆشی و 'گەورەی جیهانی ژێرزەوییە (Dandrow: 2021,vol. IV,106-107)، مۆزایکی[٤] ژمارە (١)، تەختی پرسە، لەم مۆزایکە مردووەکە لە ژەمێکدا نیشاندەدرێت کە لەلایەن خێزانەکەیەوە دەورەدراوە و ئارام دەگرێتەوە، لە بەشەکانی تر بە ورتر باسدەکرێت، کە بابەتێکە زۆر باوە لە هونەری پرسەی تدمور، ئەو هونەرە مۆزایک و پەیکەرانەی لە گۆڕەکانی دەوروبەری ئێدیسا دۆزراونەتەوە، ئەم لێکچوونەی نێوان فۆرمەکانی پەرستنی ئێدیسا و تدمور پشتڕاست دەکەنەوە (Ross:2001,92-93 ). هەروەها جۆرێکی تر مۆزایک دۆزراوەتەوە، کە پەیوەندیی نێوان تەدمور و ئێدیسا ڕوونتر دەکاتەوە، ئەویش مۆزایکی ژمارە (٢)ە، کەسایەتیی ناوەندی مۆزایکەکە ڕێوڕەسمێکی ئاینی ئەنجامدەدات، کە بابەتێکی دیکەی هونەری تدمورە، ئەندامانی دەوروبەری خێزانەکەی شتگەلێکیان بەدەستەوەیە، کە دەسەڵات یان ئەرکی خۆیان لە ماڵەکەدا نیشاندەدەن، ئەم ڕێوڕەسمەش بە هەمان شێوە لە تدمور و شانشینەکە بەڕێوەچووە (Salman: 2008, 106). گرنگیی شاری حەڕان (بۆ شارەکانی ناوچەکە بروانەنەخشە) وەک ناوەندێکی ئاینی دەردەکەوێت، حەڕان وەک نیشینگەیەکی کاتی پێغەمبەر ئیبراهیم ناسێنراوە (سەدەی هەژدەی پ.ز.)، کە ئەو سەردەمە ناوی بە (ئابرام) هاتووە[٥] لە شاری حەڕان کە خواوەندی گەورەی شارەکە خواوەندی (سین[٦]) بووە، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو، کە گەورەی خواوەندەکان بوو، دوای بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت نزیکەی هەموو شار و گوندەکانی دەوروبەری حەڕان هاتنە سەر ئەو ئاینە تازەیە، بەڵام حەڕانییەکان بە شێوەیەکی زۆر توند هەر سووربوون لە سەر پەرستنی هەسارە و ئەستێرەکانیان[٧]، لە شانشینی ئوسروێنی چەندین پەرستگا بۆ پەیکەری خواوەندەکان دروستکرابوون، کە خەڵکانێک نوێژیان تێدا ئەنجامدەدا کە لە قەبارە جیاواز بوون، لە هەر یەکێک لەو

پەرستگایانەش یادکردنەوە و نوێژی تێدا ئەنجامدەدرا (جاسم: ٢٠٠٦، ٦٤+)[٨].

لە شاری حەڕاندا چەندین گروپ هەبوون، یەکێک لەوان پێیان دەوترا سابیئییەکان (صابئة)، شارەکە چەندەها شوێنی پەرستنی تایبەت بەو گروپەی لەخۆگرتبوو، وەک شوێنی پەرستنی ئاینی سابیئییەکان کە ناسرا بوو بە (هەیکەل) (علی، والی، عەبدولا: ٢٠١٩، ٢٧٩)، ئەمانە نوێژەکانیان ئاراستەی بوونەوەرێک دەکرد کە ڕۆڵی ناوەندگیری دەگێرا لە نێوان مروڤ و پەرستراوێکی باڵادا، ئەم بوونەوەرانە لە هەسارەیەکی تر دەژیان و هەسارەکانیان بەڕێوەدەبرد، ئەوان وەک ڕوحێک بوون لە ناو جەستەی هەسارەکاندا بە چالاکیی ئەم بوونەوەرانە جوڵەی هەسارەکان و مرۆڤ و ڕووەک و ئاژەڵ دروستدەبوو، سابیئییەکان ئەو ئامۆژگارییانەیان ڕەتدەکردەوە، کە دەڵێت: پێغەمبەرێکی مرۆڤ دەتوانێت لە نێوان مرۆڤ و پەرستراوی باڵادا نێوەندگیری بکات، لە هەمان کاتدا باوڕیان بە ڕۆژی دوایی هەبوو (دراوور: ١٩٦٩،ج١، ١٤+)، سابیئییەکان هەر هەسارەیان دەپەرست، بەڵام بە خواوەندیان دانەدەنا، بەڵکو پێیانوابوو بوونەوەرێکی تر هەسارەکانی دروستکردووە، لە هەمان کاتدا، ڕێزگرتن لە هەسارەکان مانای ملکەچ بوون بۆ خواوەندەکە بوو ئەمەش پاداشتی خۆی دەبێت لە دوا ڕۆژدا، بۆیە نوێژ و قوربانی و نزایان بۆ هەسارەکان دەکرد، چونکە پێیانوابوو، کە خواوەند لە ڕێگای هەسارەکانەوە نەخۆشی و شیفا بۆ مرۆڤەکان دەنێرێت، بۆیە ڕازیبوونی هەسارەکان دەبێتە هۆی خۆشبەختی بۆ مرۆڤەکە، ئاینی سابیئییەکان لە زۆر شوێنی باکووری مێسۆپۆتامیا بڵاوببووەوە، بەڵام حەڕان ناوەندێکی گەورەی ئەم بیروباوڕە بوو، هەر ڕۆژێک لە هەفتەیەکدا ئاهەنگیان بۆ هەسارەیەک هەبوو، کە قوربانیان بۆ هەسارەکان ئەنجامدەدا و زۆر جاریش قوربانییەکە بە مرۆڤ دەکرا و هەروەها نزاکانیان دەکرد، نزاکانیش پتر لە بەیانیان و پێش خۆرئاوابوون دەکران، لە هەمان کات سابیئییەکان چەندین پەرستگایان هەبوو، کە

یەکێک لەوان (اساکی سوماتار) کە ٢٨کم لە ڕۆژهەڵاتی شاری حەڕان بوو (جاسم : ٢٠٠٦، ١٠٢). هەروەها پەرستگایەکیان لە سەر گردێک دروستکردبوو، دەیانگەڕاندەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی ئیبراهیم و سارای خێزانی، کە لە لای حەڕانییەکان زۆر پیرۆز بوو (علی، والی، عەبدولا: ٢٠١٩، ٢٧٩).

هەروەها گروپێکی تریش هەبوون لە حەڕان پێیاندەوترا گنوسی: کە ئەم گروپە لە سەدەی دووەمی زاین سەریهەڵدا (کریستنسن: ١٩٥٧، ٢٧-٢٩)، زۆری نەخایاند لە باکووری میسۆپۆتامیا بڵاوبۆوە و پەیڕەوانی ڕوویان لە زیاد بوون کرد، لە فەلەستین و شام و میسر... هتد بڵاوبۆوە، ئەمانە کۆمەڵێکی هەڵگەڕاوە بوون لە ئاینی جوو، دەستیاندایە پەرستنی خودا پەرستییەکی گۆشەگیر و باوڕیان بە هەردوو جیهانی تاریکی و ڕووناکی هەبوو، چەندین لێکچوون لە نێوان ئاینی مانی و گنوسی هەیە، بەڵام ئەم دوو ئاینە لێکجیاوازن، مانی سوودی لە ئاینی گنوسی وەرگرتووە، چونکە پەیڕەوانی زۆر بووە و بەم ڕێگایەش هەستی پەیڕەوانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، بۆ نموونە لە هەردوو ئاینەکە پێیانوابوو جیهانی مادە پڕە لە تاریکی و جیهانی ڕۆحیش پڕە لە ڕووناکی، هەروەها ڕەتکردنەوەی پەیوەندیی سێکسی، چونکە پێیانوابوو لەگەڵ وەچەخستنەوە ڕووناکیی زیاتر گیردەخوات و دەسەڵاتی شەیتان زیاددەکات (پور، فروز:٢٠١٧، ٢)، زاراوەی گنوسی لە زمانی ئارامی بە واتای (زانین)، (الماجدی:٢٠٠٧، ١)، دێت هەوڵدەدات بگاتە ڕاستی و ڕزگاربوون لە شتە مادییەکان کە بیرباوڕەکانی مەسیحی لە سەر بنەمای فەلسەفەی یۆنانی ڕاڤەدەکرد، بە واتا پەیڕەوانیان هەوڵیاندەدا دوای پاکبوونەوەیان بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی بیروباوڕەکانیان سوود لە فەلسەفەی یۆنانی بۆ ڕاڤەکردنی ئاینە ئاسمانی باوەڕەکانی سەردەمیان وەربگرن، بەردیسان[٩]، کە یەکێک بوو لە هاوڕێ نزیکەکانی پاشا ئەبگەر و سەر بەو گروپە بووە (مکاوی: د.ت.ط، ٥٤٩+).

یەکێکی تر لەم گرووپانە (ڕوفییەکان) بوو ژنانی ئەم گرووپە، هیچ پۆشاکێکیان لەبەرنەدەکرد و هیچ زێڕێکیان نەبوو، لە ڕۆژانی پشووی هاویندا، بە پارچە قوماشێکی ڕەش سەر و دەموچاویان دادەپۆشی، پۆشاکە ڕەشەکانیان بە قوماشی ئاورشمی ڕەنگاوڕەنگ دەنەخشێندرا، هەروەها گروپی ڕەبانییەکان لە شاری حەڕاندا هەبوون: پیاوانی ئەم گروپە، دەبوو بەردەوام سەریان بتاشیبایە (ابن الندیم: ١٩٧١، ٣٨٨).

هەروەها سەبارەت بە بیروباوڕی شانشینی ئۆسرۆێنێ بە ڕۆژی دوایی، خەڵکەکە بووبوونە دوو دەستە، هەندێکیان باوڕیان بە ژیانی دوای مردن هەبووە و کە لە دوای مردن ئینجا ژیان دەستپێدەکات و گۆڕەکانیان وەک ماڵی هەتاهەتایی سەیردەکرد، هەرچەندە ( Steven K. Ross) ئەمە بەو مانایە لێکدەداتەوە، کە تەنها ئەو کەسانەی کە لە ماوەی ژیانیان و ئەو هەڵانەی کردوویانە تۆبە دەکەن، ئەو کەسانە شایستەی ژیانی دوای مردنن، بەڵام دەستەیەکی تریان، باوڕیان بەوە بوو کاتێک ڕووح لە جەستە دەردەچێت، ئیتر ئەمە کۆتایی ژیانی ئەو کەسەیە[١١] (Ross :2001,99). لە ئێدیسا و دەوروبەریدا زۆر ئەشکەوت و گۆڕی تاوەری سەردەمی بتپەرستی هەن. نووسراو و مۆزایکەکانی ئەم گۆڕانە زانیارییەکی بەرچاو لەبارەی ڕێزگرتن لە مردووان و ژیانی دوای مردن بە دەستەوە دەدەن (Drijvers And Healey: 2016, 35)، لەم نووسراوەدا، کە لە گۆڕێکی تاوەری دۆزراوەتەوە، کە دەکەوێتە شاری بیرچیک، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی زاینی، ئەمەی خوارەوە نووسراوە: "هەر کەسێک بێت و سوپاسگوزاری خۆی بدات، خوای گەورە بەرەکەتی بخاتە سەر! هەر کەسێک زیان بە (ئەم گۆڕە) بگەیەنێت، نابێتە خاوەن گۆڕ". منداڵەکانی چاویان نابینن واتە کوێر دەبن. باوەڕ بە ژیانی دوای مردن بە ڕوونی هاتووە، هەروەها داواکراوە کە بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ گۆڕ و مردوودا بکرێت، بۆ نموونە لە نووسراوێکدا کە لە کرک مەرا لە ئێدیسا دۆزراوەتەوە، دەڵێت: "***من گەیێوی کچی***

***بەرسومان، ئەم گۆڕەم بۆ خۆم دروستکردووە. ئەوانەی دواتر دێنە ئێرە با ئێسکەکانم لە تابووتەکە نەجوڵێنن." هەر کەسێک بێت ئەگەر ئێسکەکانم لەو شوێنەی کە لێیەتی بجوڵێنێت، ژیانی قیامەت نابینێت توشی نەفرەت دەبێت***"( ükran:2003,111-113)، هەروەها لەسەر یەکێک لە گۆڕەکانی ئێدیسا نووسراوە: "***من، ئەفتوحە، کوڕی گەرمو، ئەم گۆڕەم بۆ خۆم، بۆ منداڵەکانم و بۆ میراتگرەکانم تا ئەبەدیەت دروستکردووە***" ( Drijvers and Healey: 2016, 163–164)، هەروەها بتپەرستەکانی ئێدیسا باوەڕیان بە ژیانی دوای مردن هەبووە. ئەو پرسیارەی لێرەدا پێویستە بخرێتەڕوو ئەوەیە: بەو پێیەی بتپەرستەکانی ئێدیسا باوەڕیان بە ژیانی دوای مردن هەیە، ئەمەش باوڕبوونە بە "زیندووبوونەوە"؟ باشە ئایا ئەم زیندووبوونەوەیە "هەم لە ڕووی جەستەییەوە و هەم لە ڕووی ڕۆحییەوە؟ یان تەنیا لە ڕووی ڕۆحییەوە ڕوودەدات؟" بەداخەوە لە نووسراو و مۆزایکدا هیچ دەربڕینێکی ڕوون، لەسەر ئەم بابەتە نییە. تاکە پاڵپشتی ئێمە، لەم ڕووەوە بەردیسانە، ئێمە دەزانین بەردیسان ئەو بیرۆکەیە ڕەتدەکاتەوە کە جەستە لەدایکببێتەوە، بەڵام نەمریی ڕۆحی قبوڵە و پێیوایە، جەستە پاک نییە و هەربۆیە ناتوانرێت لەلایەن خوداوە دروستبکرێتەوە (ükran:2003, 114).

چەندین سروتی ئاینی، لە پێش بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحیدا، لە شانشینی ئۆسرۆێنێ هەبوو لەوانە:

**١: قوربانی**

کە قوربانیان بۆ خواوەندەکانیان دەکرد و جێگای قوربانیکردنەکە لە برۆنز دروستکرا بوو، لە حەڕاندا ڕۆژی دووجار قوربانی ئەنجامدەدرا، ئەوەی بۆ خواوەند (حاداد) خواوەندی کەش بوو، بە بێدەنگی ئەنجامدەدرا و ئەوەی بۆ خواوەند (أرتاغات) کە خواوەندی خۆر بوو، بە ئاهەنگ و مۆسیقایەکی زۆر بەرز ئەنجامدەدرا، ئاژەڵی قوربانییەکە لە شوێنێکی

بەرزەوە فرێدەدرایە خوارەوە، بۆ ئەوەی بمرێت، بەهەمان شێوەش منداڵەکانیش دەکرانە قوربانی کە باوکی منداڵەکە هەڵدەستا بە فرێدانی منداڵەکەی لە شوێنێکی بەرز و بەم شێوەیەش دەبوو بە قوربانی بۆ خواوەندەکە (سیغال: ١٩٨٨، ٦٢). بەڵام نووسەران ئەمەیان ڕووننەکردۆتەوە کە ئەم قوربانیکردنە تایبەت بووە بە کام گروپ لە حەڕاندا، یا ئەم جۆرە نەریتەیان لە کوێ وەرگرتووە.

**٢: نوێژ**

هەروەها نوێژ بۆ خواوەندەکان دەکرا، کە بە ئاراستەی باکوور نوێژیان دەکرد، نوێژکردنیان بە ئاراستەی باشوور کەمتر بوو، لە سێ کاتی جیاوازدا نوێژیان کردووە لە کاتی خۆرهەڵاتن و نیوەڕۆ و خۆرئاوابوون، کە نوێژی خۆرهەڵاتنیان هەشت ڕکاتە و سێ سوژدەی تێدا بووە، بەڵام نوێژەکانی نیوەڕۆیان و ئێواران پێنج ڕکاتە و سێ سوژدەی لە هەر ڕکاتێک تێدا بووە، گەر شاری حەڕان وەک نموونە وەربگرین دەبینین هەموو ڕۆژێک نوێژیان بۆ هەسارەکان کردووە، کە هەر ڕۆژێک بۆ هەسارەیەک نوێژیان دەکرد، بۆ نوێژکردنیان خۆیان بە ئاو پاکدەکردەوە و جلی تایبەتیان لەبەردەکرد، کە شایەنی هەسارەکان بێت و شایەنی ئەو هەسارەیە بێت کە ڕوویتێدەکەن و لێی دەپاڕێنەوە، ئەم داب و نەریتەش لە زۆربەی گروپەکان پەیڕەودەکرا (جاسم: ٢٠٠٦، ٨٠).

**٣: ڕۆژوو**

بنەچەی ڕۆژوو دوورکەوتنەوەیە لە خواردن و قسەکردن، کە یەکێکە لەو نەریتانە ئاماژە بە گوێڕایەڵیی خودا دەکات، خۆیان لە خواردنی خۆراکی ڕووەکی بەدووردەگرن، بەڵام هەموو ئەو شتانەی لە ئاژەڵ و مریشک وەک گۆشت و شیر و هێلکە... دەیانخواردن. ڕۆژووەکە دەستی

پێدەکرد لە هەڵاتنی خۆر تا دوای خۆرئاوابوون، ڕۆژووەکەشیان دەکەوێتە مانگی ئازار، لە مانگەکانی تریشدا ڕۆژوویان هەیە، بۆ نموونە لە مانگی کانوونی یەکەمدا دوو ڕۆژیان هەبووە، لە مانگی شوبات حەوت ڕۆژی تریان هەبووە (المقدسی: د.ت، ج٤، ١٢).

### ٤: ئاهەنگە ئاینییەکان

لە شانشینی ئوسرۆئێنیدا چەندین ئاهەنگی ئاینی هەبوون، بەڵام گەورەترینیان ئاهەنگی ساڵ بوو، کە لە سەرەتای بەهاردا ئەنجامدەدرا. خەڵکەکە بە دەوری پەیکەری خواوەندەکە دەسوڕانەوە[١٠] و دوای ئەوە داریان دەهێنا و بە ستوونی دایاندەنان و ئاژەڵی قوربانییەکە و کانزای گرانبەها و جلوبەرگیان پێوە هەڵدەواسی و دواتر ئاگریان تێبەردەدا، لە پێش دەرگای یەکێک لە پەیکەرەکاندا دایاندەنا، دواتر کەسێک بەسەر دارەکە دەکەوت و تا دەگەیشتە سەرەوە و دواتر گوریسێکی شۆڕدەکردەوە بۆ ئەوەی پێداوستی بەرێتە سەر دارەکە، چونکە ئەو کەسە بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ لەوێ دەمایەوە و دوعای دەکرد و هەر کاتێک ئەو کەسە بنوستبایە، ئەوا بە پێی ئەفسانەی ئەوان دووپشکێک هەڵیدەستاند بۆ ئەوەی لە کارەکەی بەردەوامبێت (سیغال: ١٩٨٨، ٦٣).

لە ئێدیسا ڤیستیڤاڵی کەشخە- تاس هەبوو. کە فیستیڤاڵێکی ساڵانەی کاتی بەهارە، لەو فیستیڤاڵەدا چرای ڕووناکی دەهێندرانە سەر کەنارەکانی ڕووبارەکە، کە بەناو شارەکەدا تێپەڕیوە، دانیشتوانەکە دڵخۆبوون بە نمایشکردنی مۆسیقا و سەماکردن و گۆرانیان دەوت، هەروەها فیستیڤاڵی (ئاوی مایۆس) کە ئەمەش فیستیڤاڵێک بوو، ژنان و پیاوان بە جلی نیمچە ڕووتەوە، لەگەڵ شەپۆلی ئاودا سەمایان دەکرد، هەرچەندە دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحیەت خەڵک پێیانوابوو، ئەم دوو فیستیڤاڵە ناخۆشی و خەم و نەخۆشی بۆ شانشینەکە دەهێنێت، بۆیە قەدەغەی یادکردنەویان کرابوو ( Ross:2001,100). دەبینین زۆربەی ئاهەنگە

ئاینییەکان لە شاری حەڕاندا  بووە، چونکە ئەم شارە لە کۆنەوە گرنگیی ئاینیی زۆری هەبووە، مەڵبەندی ئاینی خواوەندی مانگ سین بووە و دواتریش سابیئییەکان، لە ئاینەکانی جولەکە و ئیسلامیشدا ئەم گرنگی و تایبەتمەندییەی پێدراوە.

## تەوەری دووەم: بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لە شانشینی ئۆسرۆێنێ

کارێکی ئاسان نییە هەمیشە قۆناغەکانی بڵاوبوونەوەی ئاینەکان دیاربکەین، چونکە هەر کۆمەڵگەیەک کە ئاینێکی نوێ وەردەگرێت، پێویستی بە ماوەیەکی دورودرێژ هەیە، بۆ ڕزگاربوون لە دابونەریتەکانی پێش دروستبوونیدا،  پێویستی بە ژینگەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت  بانگەشە بۆ ئاینە نوێیەکەی بکات. ئاینی (مەسیح) یش یەکێک بووە لەو ئاینانەی کە نەتوانراوە بە تەواوەتی قوناغی بڵاوبوونەوەکەی دیاریبکرێت، کە عیسا بانگەشەی بۆ کردووە.

لە سەرەتای سەدەی سێهەمدا کڵێسایەکی مەسیحی لە گەڕەکێکی دیاری شاری ئێدیسا هەبووە، بەڵام زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە هەر بتپەرست بوونە، سەدەیەک دواتر نەک هەر ئاینی مەسیحی بڵاوبۆوە، لە ناوچەیەکی فراوانی جیهاندا، بەڵکو چیرۆکی مژدەی هاتنی ئینجیل لە لایەن مەسیحیەتەوە،  لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا ناوبانگی پەیداکردبوو، ئێدیسا بووە یەکەم شانشین کە مەسیحیەتی کردە ئاینی فەرمیی خۆی (بیغولیفسکایا: ١٩٧٩، ٢٦٩).

یوسابیوسی قەیسری (Eusebius Eusebius) کە مێژوونووس و زانای ئاینی مەسیحی بوو، بە یەکەم کەس دادەندرێت کە باسی ئەم چیرۆکەی کردووە و ئاماژەی بەوە داوە کە ئەبگەری پێنجەم  Abgar V (Ukkama)[١١]، ( ١٣- ٥٠ز)، پاشای ئێدیسا کە بەناوبانگترین فەرمانڕەوایە

له نێوان ئەو میللەتانەی کە دانیشتووی پشتی سنوورەکانی ڕووباری فوڕات بوون، توشی نەخۆشییەکی دەگمەن[١٤] بوو، کە چارەسەرکردنی لە سەرووی توانای مرۆڤەوە بوو (القیصری: ١٩٩٨، الفصل ١٣)، کاتێک پاشا ئەبگەر چەند نێردراوێکی بە سەرکردایەتی (حنان/ ئەنانیاس)، کە هەندێک نامەیان پێبوو، پەیوەندی بە پاشاوە هەبوو بۆ فەرمانڕەوایانی هەندێک لە ناوچەکانی وەک سووریا و فەلەستین و فینیقیا و هەندێک شوێنی نێوان دوو ڕووبار، بۆ ئەوەی پەیامەکانی پاشا بگەیەننە ئەم ناوچانە، لە کاتی پشوویاندا لە شاری ئورشلیم کە گوێ بیستی خەڵکبوو، کە باسی معجیزەکانی مەسیحییان دەکرد بەوەی شیفای نەخۆش دەدا و مردوو زیندوو دەکاتەوە، ناوی لە زۆر شوێن بڵاوبۆتەوە، حنان بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ لەوێ مایەوە، هەر کارێکی دەیبیست تۆماری دەکرد (مقدسی: ٢٠١١، ٢٩٩)، دوای گەڕانەوەی بۆ ئیدیسا، حنان باسی ئەو ڕووداو و کارە سەرسوڕهێنەرانەی بە وردی بۆ ئەبگەر کرد، ئەمەش وای لە ئەبگەر کرد شۆک بێت لەگەڵ داروودەستەکەی، بۆیە ئەبگەر ئەو کارەی لە سەرووی مرۆڤەوە دانا گوتی: "ئەم کارە لە توانای مرۆڤدا نییە گەر خودا نەبێت، چونکە کەس ناتوانێت مردوو زیندوو بکاتەوە" ( أدی شیر:١٩٠٠، ٤٢).

بۆیە پاشا ئەبگەر ویستی خۆی بچێتە ئورشەلیم بۆ ئەوەی مەسیح و کارەکانی بە چاوی خۆی ببینێت، بەڵام بەهۆی سەرقاڵی بە کاروبارەکانی وڵاتەوە، نەیتوانی سەردانی ئورشەلیم بکات، بڕیاریدا نامەیەک بنووسێت و بە حنان بۆ مەسیح بینێرێت و تکای لێبکات بۆ ئەوەی بێتە ئێدیسا و چارەسەری نەخۆشییەکەی[١٢] بکات (Griffith: 2009,273)[١٣].

یوسابیوس نووسراوی ناو ئەو نامانەمان پێشکەشدەکات، کە گوایە لە نێوان ئەبگەر و مەسیحدا ئاڵوگۆڕی پێکراوە، دەڵێت: "کە ئەم نامانەی لە ئەرشیفی ئێدیسا دەرهێناوە، ئاماژەی بەوە کردووە ئەو پاشایانەی فەرمانڕەوایەتیی ئێدیسایان کردووە هەر خەڵکی ئێدیسا بوونە، ئەم نامانە

به زمانی سریانی نووسراون و وەرگێڕدراوەتنە سەر زمانی یۆنانی" (القیصری: ١٩٩٨، الفصل ١٣)، بەڵام ئەسڵی سریانییەکە تاوەکو ئێستا کەس نەیتوانیوە بەدەستیبهێنێت، ڕەنگە ونبووبێت یاخود بە هۆی کۆنییەوە نەیانتوانیبێت بیخوێننەوە (مقدسی: ٢٠١١، ٢٨٦). حنان ئەو نامەیە کە ئەبگەر پاشا نووسیویەتی گەیاندویەتییە مەسیح لە شاری ئورشەلیم (Brock: 2004,48)، بۆیە حنان دەستی کرد بە گەشتەکەی کاتێک نێردراوەکەی پاشا ئەبگەر گەیشتە ئورشەلیم، توانییان مەسیح لەماڵی کەسایەتییەکی یەهودییەکان کە لە ئورشەلیم بە ناوی (کمالید)بوو ببینن، لەوێ پەیامی پاشا ئەبگەریان پێدا (غانم : ٢٠١٣، ١)، کە لە نامەکەدا پاشا ئەبگەر دەڵێت: **((لە ئەبگەر ئۆگاما پاشای ئوسرۆێنیەوە بۆ مەسیحی دڵسۆز کە لە ناوچەی ئورشەلیم دەرکەوتووە، سڵاوت لێبێت، گوێم لەو کارانە بووە لە بارەی تۆوە دەگوترێت، لە بارەی چارەسەرەکانت بۆ نەخۆشییەکان و چۆن بەبێ داو و دەرمان و گژوگیا کارەکانت جێبەجێدەکەیت، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە بۆم گەڕاوەتەوە، بینایی دەگەڕێنیتەوە بۆ نابیناکان و وا لە گۆجەکان دەکەیت کە بە پێی خۆیان بڕۆن، گەڕەکان چاکدەکەیتەوە و ڕوحە گڵاو شەیتانەکانیش دەردەکەیت، ئەوانەش چارەسەردەکەیت کە ئازاری نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە و مردووەکانیش هەڵدەستێنیتەوە، کاتێک باسی تۆ کەوتە بەر گوێم کە ئەم هەموو کارانەت کردووە، دڵنیابووم کە تۆ یەکێکی لەم دووانە، یا ئەوەتا تۆ خودایت و لە ئاسمان هاتوویتە خواری بۆ ئەوەی ئەو کارانە بکەیت یان ئەوەتا تۆ کوڕی خودایت، بۆ ئەوەی بتوانیت ئەو کارانە بکەیت، بۆیە نامەت بۆ دەنووسم و تکات لێدەکەم، کە پەلە بکەیت و بێیت بۆ لای من و لەو ئازار و سووتانە ڕزگارم بکەیت، کە منی تێدام، هەروەها من بیستوومە جووەکان گاڵتەت پێدەکەن و قێزیان لێت دەبێتەوە و ئارەزووی ئازاردانت دەکەن، شارەکەی من بچووکە، بەڵام بەشی من و تۆش دەکات و پێشنیازی ئەوەت بۆ دەکەم کە بێیت و لە پاشایەتییەکەم بەشداربیت))**، (أدی شیر:١٩٠٠، ٤٢).

عیسا دڵی بە پەیامەکە خۆش بوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی ئەو پەیامەکەی ئارستەی ئورشەلیم کرابوو بۆیە (نەی توانی داواکەی جێبەجێبکات)، بۆیە بە حنانی نێردراودا وەڵامەکەی دەنێرێتەوە بۆ پاشا ئەبگەر و دەڵێت: ((**پیرۆزی تۆ، ئەی ئەو کەسەی کە بڕوات بە من هێناوە، لە کاتێکدا هێشتا منت نەبینیوە، چونکە لە بارەی منەوە، ئەوە نووسراوە کە ئەو کەسانەی من دەبینن و بڕواپێناهێنن، ئەوانەی منیان نەبینیوە بڕوامپێدەهێنن، دەربارەی ئەو نووسینەی کە بۆ منت نووسیوە، بێم بۆ لای تۆ، من دەبێت ئەو کارانە تەواوبکەم، کە بۆی هاتوومە دوای ئەوە سەردەکەوم بۆ لای ئەوەی ناردوومیەتی، دوای سەرکەوتنم یەکێک لە خوێندکارەکانمت بۆ دەنێرم، بۆ ئەوەی چارەسەرت بکات لەو ئازار و ناخۆشییە و ژیانت پێ بداتەوە، تۆ و ئەوانەی لەگەڵ تۆن**)) (القیصری:١٩٩٨، فصل ١٣).

دوای سەرکەوتنی مەسیح بۆ ئاسمان، یەکێک لە خوێندکارەکان بە ناوی تداوس (تۆما/یەهوزا/مار ئادی) ناردووە بۆ لای ئەبگەر، وەک یەکێک لە نێردراوەکان، لەبەرئەوەی تداوس یەکێکە لەو حەفتا خوێندکارەی کە ئاینی مەسیحیان بڵاودەکردەوە، تداوس هات و لەماڵی کەسایەتییەکی یەهودی بە ناوی (طوبیا کوڕی طوبیا) مایەوە کاتێک هەواڵی گەیشتنی بڵاوبۆوە، بە ئەبگەریان ڕاگەیاند، نوێنەرێک لە لای عیساوە گەیشتووە، وەک چۆن بۆ تۆی نووسیبوو (مەبەستی مەسیحە کاتێک گوتی: لە دوای خۆم یەکێک لە خوێندکارەکان دەنێرم بۆ ئەوەی چارەسەرت بکات)، بەم جۆرە تداوس بە هۆی هێزی خواوەندەوە هەموو نەخۆشی و بەڵەکییەکی چاکدەکردەوە، تاوەکوو هەموان سەریانسوڕما (Bauer: 1934,4)، کاتێک ئەبگەر ئەم کارە گەورە و سەیرانەی گوێ لێبوو، کە ئەم پێی هەڵدەستا و چۆن چۆنی خەڵکی چارەسەردەکرد، گومانی ئەوەی کرد، کە لەوانەیە ئەم کەسە بێت کە مەسیح باسیکردووە، کە گوایە دەینێرێت بۆ لای ئەو، کە وتوویەتی دوای سەرکەوتنم بۆ

ئاسمان، یەکێک لە خوێندکارەکانمت بۆ دەنێرم بۆ ئەوەی چارەسەری نەخۆشیەکەت بکات، بۆیە ئەبگەر ناردی بە دوای طوبیا کە تداوس لە ماڵی ئەو میوان بوو پێی وت: "بیستوومە کە کەسێک خاوەنی توانا و هێزە و هاتووە و لە ماڵی تۆ دەژێت، بۆمی بهێنە" بۆیە طوبیا هات و بە تداوسی ڕاگەیاند: "کە پاشا ئەبگەر ناردوویەتی بە دوامدا و فەرمانی پێکردووم کە تۆ ببەم بۆ لای ئەو، بۆ ئەوەی چارەسەری نەخۆشییەکەی بکەیت"، تداوس لە وەڵامدا گوتی: " دەچم بۆ لای ئەو، چونکە من بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرە و نامۆ نێردراوم بۆ لای ئەو" (سیغال: ١٩٨٨، ٧٩)، بەم شێوەیە طۆبیا لە بەرەبەیانی ڕۆژی داهاتوودا، بە هاوەڵی تداوس بۆ لای ئەبگەر بەڕێکەوت، لە کاتی چوونیاندا گەورەپیاوان و دار و دەستەی پاشا ئامادەبوون، کاتێک چوونە ژوورەوە، تیشکێکی گەورە لە سەر ڕووی نێردراوەکەی مەسیح دەرکەوت و چووە نێو دڵ و دەروونی ئەبگەر، بۆیە ئەبگەر سوژدەی بۆ برد (Loken:2020,3)، بەڵام سیغال ئاماژەی بەوە داوە، کە ئەبگەر وەک ڕێزێک لەبەری هەڵساوە، نەک سوژدەی بۆ ببات، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەموو ئامادەبووان سەرسام بن، چونکە ئەو وێنایەی ئەبگەر بینی ئەوانی تر هەرگیز نەیانبینی، ئەبگەر لە تداوسی پرسی: "بە ڕاست تۆ خوێندکاری مەسیح کوڕی خودایت"، کە پێی وتبووم یەکێک لە خوێندکارەکانمت بۆ دەنێرم بۆ ئەوەی چارەسەرت بکات و ژیانت پێ ببەخشێتەوە...؟ بۆیە تداویس وەک چۆن فەرمانی پێکرابوو، بە ناوی مەسیحەوە دەستی لە سەر سەری ئەبگەر دانا و ڕاستەوخۆ ئەبگەر لە نەخۆشییەکەی چاکبۆوە و ئازارەکەی نەما (سیغال: ١٩٨٨، ٧٩).

بەمەش بە شێوەیەکی زارەکی، ئاینی مەسیحی لە ناو شانشینەکەدا بڵاوبۆوە، لە ڕێگەی وشەگوێزانەوە لە لایەن پەیامبەرانی مەسیحییەوە، بەڵام لە کاتێکدا ژمارەی پێڕەوانی زیادی کرد، نێردراوان ناچاربوون کڵێسا دروستبکەن و نامە بۆ ئەم کڵێسایانە بنووسن (عبد: ٢٠٠٠، ٢٣)، لەم

سەردەمەدا کتێب و نووسراوەکان و خوێندن بە زمانی سریانی بوو، کە زمانی نووسینی دەق و دەستنووسە ئاینییەکانی مەسیحییەکان بوو، هەروەها دێر و فێرگە بەناوبانگەکانی ناوچەی کۆردوێنێ و نسیبین و ئێدیسا و ئەنتاکیا بە زمانی سریانی بوون، لە سەدەی یەکەمەوە تا سەدەی سێیەمی زاینی چەندین فێرگەی سریانی دروستکراون (غفوری: ٢٠٢١، ٢٠٧).

بۆ وێنە لە سەرەتای سەدەی سێهەم کڵێسایەکی مەسیحی لە گەڕەکێکی دیاری شاری ئێدیسا هەبوو، بەڵام زۆربەی دانیشتوانی ئەوێ هێشتا هەر بتپەرست بوونە (نینابیغولیفسکایا: ١٩٧٩، ٢٦٩).

هەرچەندە سەرچاوەی تر، ئاماژەیان بەوە داوە کە چارەسەرەکەی ئەبگەر لە ڕێگای وێنەکەی عیساوە بووە، کاتێک ئەبگەر نامەکە بۆ مەسح دەنێرێت و لەگەڵ کۆمەڵێک وێنەکێشی بە توانا، ئەبگەر ڕێنوێنی حنان دەکات، بۆ ئەوەی بە وردی باسی مەسیح بکات، کە چ جۆرە دەرکەوتنێکی هەیە، تەمەنی لە دەوری چەند دەبێت و شێوەی چۆنە لە قژ و باڵا، بە کورتی هەموو شتێکی ئەو کەسایەتییەی بۆ بکێشێت، چونکە حنان نیگارکێش بووە، بۆیە ئاماژە بەوە دەکەن کاتێک وێنەکێشەکان دەستیانکرد بە کێشانی وێنەی مەسیح نەیانتوانی کارەکەیان بکەن، بۆیە مەسیح خۆی دەموچاوی دەشوات و پارچە پەڕۆیەکی کەتان دەدات بە سەر دەموچاوی و دەموچاوی لە سەر کۆپی دەبێت، بۆ پاشا ئەبگەری دەینێرێت و کاتێک نێردراوانی ئەبگەر ئەم وێنەیان بۆ هێناوە خستییە سەر دەموچاوی شیفای بۆ هات (مقدسی: ٢٠١١، ٢٨).

بۆیە ئەبگەر ئەو قوماشەی، کە وێنەکەی لەسەربوو، لە شوێنێکی تایبەتدا، لە سەرووی دەروازەی شاری ئێدیسا لە شوێنی بتێک داینا (Guscin: 2016,1)، زانیارییەکان تا ڕادەیێک زۆر ناڕوونن و زۆر لە توێژەران ئەم بابەتانەیان بە تەواوی بۆ ساخنەبۆتەوە، ئایا وێنەکەی

مەسیح دروستکراوە یا مەسیح خۆی وێنەکەی لە سەر پارچە پەڕۆکە کۆپی کردووە؟ حنان کە وێنەکێشی پاشا بووە، هەڵساوە بە کێشانی وێنەی مەسیح و وێنەکەی لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە بۆ گەورەکەی کە پاشا ئەبگەر بووە (سیغال: ١٩٨٨، ٩٨)، بەڵام لە کوتاییدا بابەتەکە بە تەواوەتی بووە خودی مەسیح، کە خۆی وێنەکەی کێشاوە، ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەم وێنەیە کارێکی ئاسمانی و خودابیە و بەدەستی مرۆڤ دروستنەکراوە، کاهینێک بە ناوی سوری موسا ماردین، کە قەشەیەکی سریانی بوو ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە بڵاوکردنەوەی یەکەم ئینجیلی سریانی و ڕەنگە وەک یەکەم مامۆستای سریانی و زانا لە ئەوروپا خزمەتی کردبێت، لە وتارێکدا لە ڤیەننا لە ساڵی (١٥٥٥) بڵاویکردۆتەوە، دەڵێت: "کاتێک لە ڕۆما بووم بە چاوی خۆم ئەو وێنەیەم بینی، کە بە دەستی مرۆڤ دروستنەکرابوو" ( Johnson:2010,9)، هەروەها (LAN WILSON) لە پەرتووکی THE SHROUD بۆ ڕاستی ئەم بابەتە کتێبێکی نووسی و لە ساڵی (١٩٧٨) دا کە لەم نوسینانە ویڵسن ڕەسەنایەتی پەڕۆکەی پەسەندکرد ( +WILSON: 2010,10). هەروەها توێژەرێکی تر ئاماژە بەوە دەکات کە باوەڕم بە ڕەسەنایەتی پەرۆکە هەیە، هەرچەندە هیچ هۆکارێکی ئاینیم نییە ( +Loken: 2020,3). بەڵام ناکرێت ڕووداوێکی وا گرنگ لە نوسینەکەی یوسابیوس باس نەکرابێت، چونکە یوسابیوس دوای ڕووخانی شانشینەکە ژیاوە، واتە تەواوی زانیارییەکانی لە سەر شانشینەکە هەبووە، یان دەبێت ئەم وێنەیە دواتر دروستکرابێت بۆ شەرعیەت دان بە دەسڵاتەکەی بەوەی، کە خودا فەرمانڕەوایەتییەکەی هەڵبژاردووە، یا ئەو وتەکەی (John Loken ) دروستبێت کە دەڵێت: پەیڕەوکردنی نەریتی جوولەکە و کۆنترین نەریتی مەسیحی، دژی بەکارهێنانی وێنەی ئاینی بوو. بۆیە یوسابیۆس خۆی لەم بابەتە بە دوورگرتووە و باسی نەکردووە ( 2020,5)، بۆیە ئەگەر ئەم وتەی John Loken دروستبێت ئەوە بە دڵنیاییەوە دەبێت وێنەکە حنان کێشابێتی، بۆیە یوسابیۆس ئەم کارەی بە دروست نەزانیبێت و ئەمەش

وای کردووە ئاماژەی پێی نەکات. ڕەنگە دواتریش کێشرابێت بۆ زیاتر پیرۆزکردنی ئێدیسا.

بەڵام دووبارە لە نێوان توێژەران بووەوە گفتوگۆ، بۆچی زیاد لە وێنەیەک لە ئێدیسا هەیە، هۆکارەکەشی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە، کاتێک ئێدیسا دەکەوێتە ژێرباری قەیرانەوە، قەرزاری بەشێک لەو باجانە بوون کە دەبوو بیدەن بە ئیمپراتۆریەتی پارت، بەڵام ئێدیسا نەیتوانی قەرزەکانی بداتەوە، بۆیە پیاوێکی پیشەگەری کارامە ئامۆژگاری کۆکەرەوەی باجەکەی کرد، "ئەگەر داوای وێنەی مەسیح بکەن، ئەوە خەڵکی ئێدیسا ئامادەن، منداڵەکانیان و خۆیان بفرۆشن نەک ڕێگە بدەن وێنەکە ببردرێت، بۆیە کاتێک باجکۆکەرەوەکە ئەم داوایەی لە خەڵکی ئێدیسا کرد، ئێدێسانەکان لە دوودڵی بوون، هاتنە لای ئاتاناسیۆسی نۆبەر (باڕ گومۆی) (Athanasius (bar Gumoye کە بازرگانێک بووە داوایان لێکرد، کە باجیان بداتێ و وێنەکە بباتە ماڵەکەی، تا ئەو کاتەی پارەکەی بۆ دەگەڕێننەوە. ئەو بە خۆشحاڵییەوە وێنەکەی برد بۆ شوێنی خۆی و باجەکەی پێدان، پاشان نیگارکێشێکی زیرەکی هێنا و داوای لێکرد کە یەکێکی وەک ئەوە بکێشێت. ئیدیسایيەکان پاش ماوەیەک قەرزەکەیان گەڕاندەوە و داوای وێنەکەیان کردەوە و ئەو وێنەی کە دایەوە دەست ئێدیسەییەکان کۆپییەکە بوو، تا ئێستا ڕەسەنەکە ونە (2004, 48 .(Brock:

لە ١٤ ئایاری ساڵی (٤٩)ز تداوس لە ئێدیسا مرد، دوای مردنی یەکێک لە خوێندکارەکانی بە ناوی مارماری وەک مژدەدەری مەسیحی ئێدیسا جێدەهێڵێت و ڕوودەکاتە نسیبین چەندین قوتابخانەی ئاینی لە دێر و کەنیسەی لە نسیبین کردەوە و توانی زۆربەی خەڵکەکە بکاتە مەسیحی و بە هاوکاری هاوڕێکانی کە لەگەڵیدا بوون دواتر ڕوویکردە چەندین ناوچەی تر و ئاینی مەسحی دەگەیاندە ئەو ناوچانە دواتر قەشە مارماری

گەڕایەوە بۆ ئێدیسا و هەر لەوێش تا کۆتایی ژیانی لە دێری گەورەی ئێدیسا ژیا و لە پاش مردنی هەر لەودێرە بەخاکسپێردرا (ادی شیر: ١٩٠٠،ج١، ٤٤+)، (غفوری: ٢٠٢١، ٢٠٧)، گەورەترین بەڵگە لە سەر مەسیحیەت لە نسیبین کە نووسینێکە لە سەر گۆڕێک نووسراوە، کە خاوەنی ئەم گۆڕە بە دڵنیاییەوە مەسیحی بووە و خەڵکی حەڕان بووە، لە نیوەی دووەمی سەدەی دووەمی زاینیدا، سەردانی ئەو گروپانەی کردووە کە سەر بە بیروباوڕی مەسیحین لە نسیبین، کە لە سەر گۆڕەکە نووسراوە "من دەشتی سووریام بینی، هەروەها نوسیبینیشم بینی، دوای ئەوەی لە فوڕات پەڕیمەوە خەڵکێکم بینی و قسەم لە گەڵیان دەکرد لە هەموو شوێنێک کە باوڕیان بە مەسیح هێنا بوو"، واتە لە هەموو ئەم ناوچانە ڕووبەڕووی هاومەسیحییەکانی بۆتەوە و ئاینی مەسحی لەم ناوچانەدا بڵاوبوونەتەوە (سیغال:١٩٨٨، ٨٦).

توێژەران، ئەم ڕووداوە وەک ڕووداوێکی ئەفسانەیی باس دەکەن، یەکەم باسکردنی ئەم ڕووداوە لە سەردەمی یوسیبیوس ڕوویداوە، بەڵام چوونی پاشایەکی گرنگ بۆ سەر ئاینی مەسیحی لەو سەردەم و ڕۆژگارە، کە بە بەرەبەیانی ئاینی مەسیحی دادەندرێت، ناکرێت نووسەرەکانی ئاینی مەسیحی بۆ ماوەی سێ سەد ساڵ پشت گوێی بخەن، دواتریش توێژەران زانیارییەکانیان لە یوسیبیوس وەرگرتووە، چەندین بڕگەیان بۆ زیاد کردووە، کە لە وەڵامی مەسیح بۆ ئەبگەر دەڵێت: "شارەکەت پیرۆز دەبێت و هیچ دوژمنێک بە سەریدا زاڵنابێت"، واتە هیچ دوژمنێک ناتوانی دەستیبەسەردابگرێت و شارەکەی پیرۆزکرد (مقدسی: ٢٠١١، ٢٨)؛ (غانم : ٢٠١٣، ١)، بەڵام لە مێژووەکەی یوسیبیۆس ئەم زانیارییانە بەرچاوناکەون. واتە نووسەرانی تر خۆیان ئەم بڕگەیان زیادکردووە، دەشبێت بەهۆی کۆنی یاخود لەناوچوونی بەشێک لە نامەکان ئەم بڕگانە ونبووبن. لە لەلایەکی ترەوە، کارێکی ئاساییە، زۆربەی پێغەمبەران چەندین نووسراویان دراوەتە پاڵ، کە گوایە خۆیان نووسیویانە، بەڵام لە ڕاستیدا

وانەبووە، هەروەها لە هیچ کام لە ئینجیلەکان باسی ئەم نامانە نەکراوە، یاخود لەو نووسینانەی کە لە لایەن کاهینەکانی پەرستگاوە دەنووسران ئەم نامانە بوونیان نییە. بەڵام تەنها کۆپیی نامەکەی مەسیح لە ئەشکەوتی قرخ دۆزراوەتەوە، لە نزیک ئێدیسا[١٤] (سیغال:١٩٨٨، ٨٢). لە ئێستادا لە مۆزەخانەی بەریتانیا هەڵگیراون (بیغولیفسکایا: ١٩٧٩، ٢٧١).

کاتێک فارسەکان هەوڵیاندا هێرش بکەنە سەر ئێدیسا ئەبکەر توانی ڕووبەڕوویان ببێتەوە و شانشینەکە ڕزگاربکات، کاتێک لە بەردەم دەروازی شار وەستا و نامەکەی عیسای بەرزکردەوە، کە بەڵێنی پێدابوو خاکەکەی بپارێزێت لە داگیرکەران(Keller : 2019,88) لەو کاتەوەی کە بەڵێنی مەسیح بە پاشا ئەبگەر نەتوانرا پوچەڵبکرێتەوە" بەو پێیە بێت دەبێت ئێدیسا سەربەخۆیی بەدەستهێنابێت لە سەردەمی پاشا ئەبگەری پێنجەمدا، چونکە لە سەرەتای دەسەڵاتیدا لە ژێر ڕکێفی پارتەکان بووە. بە بەڵگەی ئەوەی کە پاشا ئەبگەر دراوی لێداوە لە سەر دراوەکە بەتەنها وێنەی خۆی هەیە، کە پرچێکی درێژ و ڕیشی هەیە و جلێکی نیمچەڕووتی لە بەرە ( Ellis:2012,22)، بۆیە توێژەر پێیوایە بابەتەکان و بیروباوڕەکان هەر چۆنێک بن، ئێمە نابێت گێڕانەوە و چیرۆکی ڕازیبوونی ئەبگەر بە مەسیحیەت ڕەتبکەینەوە و بڵێین: ڕیوایەتێکە بە گشتی جێی گومانە، چونکە لەوانەیە ئەفسانە بنەما و بنچینەی ڕاستی هەبێت، لە هەمانکاتدا ئەم ئەفسانەیە بۆتە بابەتێکی گرنگی مێژوویی بەڵگەشمان بۆ ئەوە ئەوەیە، کە ئەم بابەتی نامە گۆڕینەوەیە بۆ چەندین زمان لە سریانییەوە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی یۆنانی و لاتینی و عەرەبی و چەندین زمانی تر :The Editors of Encyclopaedia Britannica) (2022,4، بێگومان ئەم ڕووداوە لە کاتێکدا دروست بووە، کە ژمارەیەکی زۆر خەڵک دەبێت باوەڕیان بە ئاینی مەسیحی هێنابێت و ئەبگەر ئەم کارەی وەک زیرەکێک بۆ ڕاکێشانی سۆزی ئەم خەڵکانە بۆ لای خۆی کردبێت، چونکە بازرگانەکان ڕۆڵێکی زۆریان هەبوو لە بڵاوبوونەوەی

مەسیحی لە ئێدیسادا، چونکە کاتێک دەچوونە ئورشلیم و کارەکانی مەسیحیان دەبینی و لە ناوچەکانی خۆیان باسیان دەکرد و خەڵکانێکی زۆر باوڕیان بە مەسیح هێناوە، ڕەنگە ئەبگەر بە تەواوەتی نەچووبێتە ژێرکاریگەری بنەماکانی مەسیحیەت، چونکە بەپێی سەرچاوەکان دابونەریەتەکانی چەخت لەوە دەکەنەوە، کە پەیکەری گەورەی بتەکان هەر لە شوێنی خۆیان لە کۆشکەکەیدا مابوون، چونکە ژیانی ئاینی لە ئێدیسا پێش مەسیحی ڕەگی قووڵی هەبوو و باوەڕ و کردارە کۆنەکان بە گەیشتنی مەسیحیەت بە سادەیی وننەبوون، ڕێگە بە خەڵکی ئەدێسا درا بۆ ئەوەی لە پەرستگاکان کۆببنەوە، بەو مەرجەی کە ڤیستیڤاڵی کەشخە-تاس و ڤیستیڤاڵی (ئاوی مایۆس) ئەنجامنەدرێت ( Ross:2001,100). بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە ئەبگەر پشگیریی مەسیحیەتی کردبێت، خۆی نەبووبێتە مەسیحی واتە ئازادیی ئاینی ڕاگەیاندبێت. چونکە لە لایەک گەر ئەبگەر بووبێتە مەسیحی بێگومان چوونی پاشایەک بۆ سەر ئاینێکی نوێ ئاڵۆزی زۆری بە دوای خۆیدا دەهێنا، چونکە بتپەرستی ئاینی ڕەسمیی شانشینی ئۆسرۆێنێ بوو، دەگونجێت ئەبگەر بووبێتە مەسیحی بەڵام ئەوەی بە ئاشکرا ڕانەگەیاندبێت، چونکە لە لایەک ئارامیی شانشینەکەی بە هێمنی هێشتۆتەوە و لە لایەکی تر دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ تیبریۆس ئیمپراتۆری ڕۆمانەکان پاراستووە، چونکە لەو سەردەمەدا ئیمپراتۆری ڕۆمانەکان دژایەتیی توندی ئاینی مەسیحییان دەکرد.

به پێی ئەو زانیارییانەی کە تا ئێستا هەیە، هیچ ئاڵۆزییەک ڕووینەداوە و هەر کەسە و لە پەرستشەکەی خۆی سەربەست بووە، بۆ وێنە لە ناو شاری ئێدیسا چەندین بنکەی بۆ ئاینە جیاوازەکان هەبووە لەوانە بتپەرستی، ئەم بیروباوڕە بە ئاشکرا لە نێوان دانیشتوانی ئێدیسا پەیڕەودەکرا، بۆیە کاتێک نوێنەرێکی مەسیحی سەردانی یەکێک لە کڵێسەکانی ئێدیسا دەکات و نامەیەکی بە توندترین وشە نووسی، کە تێیدا ئاماژەی بە بێباوڕیی شارێکی بە ناو مەسیحی دەکات کە ڕێگە دەدەن

ژمارەیەکی زۆر پەیکەری بت لە شارەکەدا هەبێت ( White: D.P,5).
هەرچەندە Badawi ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە و دەڵێت: "ئادای بە ڕەزامەندیی ئەبگەر هێرشی کردۆتە سەر چەندین شوێنی بتپەرستەکان و زۆربەی شوێنی قوربانگای بتپەرستەکانی تێکداوە و دواتر دەستی کردووە بە دروستکردنی کڵێسا و دێر و قەشە و دیکۆنەکانی (پلەیەکە لە کلێسا) دامەزراندووە، بەشێکی زۆری خەڵکی ئێدیسا باوڕیان بە ئاینی مەسیحی هێنا ( 2006,vol.20,8)، هەرچەندە ئەم زانیارییە تاڕادەیێک جێگای گومانە، چونکە ناکرێت پاشایەک ئاوا زوو بڕیارێکی وا گرنگی دابێت، لە هەمان کاتدا ئەم بڕیارە بێگومان ناڕەزایەتیی زۆری لێدەکەوێتەوە.

زانیاریی زۆرمان لەبەردەستدا نییە بۆ ئەوەی هەڵویستی دانیشتوانەکەی بزانین کاتێک پاشاکەیان بووبێتە مەسحی یاخود دانی نابیت بە ئاینێکی جیاواز، چونکە دواتر دەبینین چەندین کڵێسا و دیر دروستدەکرین... بۆیە ئەم پرسیارەش بێ وەڵام دەمێنیتەوە ئایا پیاوە گەورەکانی بتپەرستان بیهەڵویستبوون، یاخود هەڵویستیان هەبووە و توێژەران دەستیان بە زانیارییەکان نەگەیشتووە؟ چونکە بە ڕای توێـژەر ناکرێت هەر وا بێهەڵوێست بووبن، بە تایبەت ئەگەر پاشاکەیان چووبێتە سەر ئاینی نوێ.

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیشتووینەتە کۆمەڵێک دەرئەنجام کە ئەمانەن:

١- شانشینی ئۆسرۆئێنی شانشینێکی بچووک نەبووە و ماوەیەکی زۆر فەرمانڕەوایەتییان کردووە، بەڵام مانەوەیان بۆ ماوەی ٣٧٥ ساڵ بەهۆی بەهێزیی پاشاکانی شانشینەکە نەبووە، بەڵکو ئیمپراتۆرییەتەکان بۆ سوودی خۆیان ئەم شانشینەیان هێشتۆتەوە و وەک بەربەستێک بەکاریانهێناوە.

٢- زانیاری لەسەر ئەم شانشینە کەمە و زۆربەی زانیارییەکان پەیوەستن بە ئێدیسای پایتەختی شانشینەکە، ئەمەش بەهۆی ئەوە بووە ئەم شانشینەکە، زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی لە دەستداوە و دەسەڵاتیان تا ڕادەیەکی زۆر تەنها لە ئێدیسا ماوەتەوە.

٣- لە ڕووی شارستانییەوە، ناوچەکە وردەکاریی زۆر دەربارەی نییە، هۆکارەکەشی بۆ کەمیی کنەوپشکنینی شوێنەواری و کورتیی ئاماژە مێژووییەکانە بەو ناوچەیە و شارستانییەتەکەی دەگەڕێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین پاشماوەیان هەیە، کە بۆ ئێمە بە سەرچاوەی گرنگ دادەندرێت وەک درا و مۆزایک و گۆڕ، پەرستگا ...هتد.

٤- لە ڕووی ئاینییەوە، هەروەک هەموو ناوچەکانی خۆرهەڵاتی کۆن، لە سەردەمی پێش بڵاوبوونەوەی مەسیحی دیاردە سروشتییەکانیان پەرستووە، بە تایبەتی خواوەندانی خۆرییەکان و گەلانی تری ناوچەکە.

٥- زۆر پرسیار لە سەر ئەم شانشینە بێ وەڵام ماونەتەوە. بەداخەوە، تا ئێستا توێژەران زیاتر تیشکیان خستۆتە سەر ئاینی

مەسیحی و لایەنەکانی تریان فەرامۆشکردووە یاخود گرنگییان پێنەداوە، وەک بیروباوڕەکانی منداین و سابیئییەکان... هتد.

٦- یەکێکی تر لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، ئەوەیە سەبارەت بە گەیشتنی ئاینی مەسیحی بۆ ناوچەکە، چونکە ناڕوونییەکی زۆر هەیە، ئایە ئاینی مەسیحی لە سەردەمی کام پاشا گەیشتە شانشینەکە، تا ڕادەیەکی زۆر گفتوگۆکان لە نێوان ئەبگەری پێنجەم( ١٣-٥٠ز) و ئەبگەری ( ١٦٧-١٧٧ز) هەشتەمە، هەرچەندە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەم دوو پاشایە زۆر لە یەکەوە دوورن.

### پەراوێزەکان

١. پەیکەری خواوەند أتارغاتیس لە حەڕان کە دیوارێکی بە دەوور دروستکرابوو، ئاراستەی ڕووەکەی ڕووی لە ڕۆژهەڵات بوو، دەرگای چوونە ژوورەوەشی لەلای باکور بوو، کە سەرەکەی بەتاڵ بوو و پڕ بوو لە بۆنی بخور، کە ڕێگا نەدەدرا، هیچ کەسێک بچێتە ژوورەوە، تەنها چەند کاهینێکی دیاریکراو نەبێت، کە پەیکەرەکە لە زێڕ دروستکرابوو کە لە سەر پشتی شێرێکدابوو کە دەستێکی گوچانی پێ بوو لە سەر سەری تیشک هەبوو. ( سیغال: ١٩٨٨، ٦٠).

٢. شوێنێکی کۆنی ئاودێری بوو دەکەوێتە چیاکانی تکتک (Tektek) و ٦٠ کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی (ئێدیسا) یە لە ئێستادا ناوچەیەکی چۆڵکراوە.. کە Drijvers خۆی سەردانی کردووە و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە لە کاتی گەشتەکەیدا لە ڕۆژهەڵاتی نزیک چەند ڕۆژێک لە ئێدێسا ماوەتەوە، دواتر لە ٢٧ و ٢٩یساڵی ١٩٧١ سەردانی سوماتاری حەرابیسی کردووە، و زنجیرەیەک لە نووسراوەکانی سریانی کە بۆ سەدەی ٢ و ٣ ز دەگەڕێتەوە لە شوێنەکەدا دۆزراونەتەوە (Drijvers: 2009,1).

٣. ئەمەش بەڵگەیە کە لە شانشینەکە (خواوەندی نیرگاڵ) پەرستراوە، چونکە خوڕییەکان بە درێژایی مێژوویان چەندین خواوەندیان وەرگرتووە، یەکێک لەوانە (نیرگال)ە، بەڵام شوێنی بنەڕەتی ئەم خواوەندە نەزانراوە، ئەتەل-شینی پاشای ئورکیشی ئۆسرۆێنێ، بەبۆنەی بنیاتنانی پەرستگایەک بۆ نیرگال، نەخشێکی تۆمارکردووە، ئەمەش نیشانەی بەرزڕاگرتنییەتی ( کوێخا جەلال: ٢٠٠٨، ٦٣). بۆ زانیاری زیاتر دەڕواندرێتە وێنەی دراوی ژمارە (٥).

٤. مۆزایک ( فسیفسائی): هونەری مۆزایک بریتیە لە دروستکردنی شێوازێ یان وێنەیەک لە سەر ڕووکەشێک بەبەکارهێنانی چارچەی بچوکی ڕەنگاو ڕەنگ، کە کەرەستەکانی وەک بەرد یاخود کاشی یاخود شوشە بە چەمنتۆ یان پلاستەر پێوەیدەلکێندرێت وێنەی کەسایەتی و وێنەی خێزانی لێدروست دەکرا( Dunbabin:1999,174).

٥. بەپێی گێڕانەوەی ئاین ((ئاینی ئیسلام و لە کتێبی قورئانی پیرۆز) پێغمبەر ئیبراهیم لە بابل لە دایک بووە، هەرچەندە ڕاوبۆچونی جیاوازیش هەیە، لە بارەی شوێنی لەدایک بوونی، کە ئەوان بتیان دەپەرست لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی نەمروود، بۆیە کاتێک ئیبراهیم بتەکانی شکاند سزادرا بە خستنە ناو ئاگرەوە، دواتر ئیبراهیم ڕووی کردە حەڕان لە گەڵ باوکی و باوکی هەر بە بتپەرستی لە حەڕان دەمرێت و خێزانی و برازاکەی ماوەیەک لە حەڕان مانەوە و دواتر خوای گەورە فەرمانی پێکرد، کە لە سەر ئەو زەوییە دەربچۆ و ئیبراهیم ڕوویکردە کەنعان، چونکە خەڵکی حەڕان بە گشتی بتپەرست بوون ( أبن کثیر: ٢٠٠٨، ١٠١).

٦. مێژووی پەرستنی خواوەندی مانگ (سین) لە مێسۆپۆتامیا زۆر کۆنە، حەڕان هەر لە هەزارەی سێیەمی پ.ز ناوەندێکی ناسراوی پەرستنی سین بووە. شاری ئوری سۆمەریش کە دەکەوێتە باشووری میزۆپۆتامیا لە کەناری ڕووباری فورات وەک ناوەندێکی کۆنی پەرستنی سین ناوی هاتووە، هەروەها شا ئورنامۆ (٢١١٢- ٢٠٩٥)پ.ز زەقووڕەیەکی گەورە و بڵندی بۆ خواوەندی سین لە شاری ئور دروستکردووە( Ross:2001,91).

٧. زۆربەی ئەم خواوەندانە لە سەردەمانی پێشووتردا لەلایەن گەلانی ناوچەکەوە بەتایبەتی خورییەکان پەرستراون، ناوەکانیان گۆڕاون وەک ( شاوشکا- عشتار) بەوە ناسراوە توانایەکی زۆری لە چاک بوونەوەی نەخۆش هەبووە، ئەمەش بەردەوامی ئەم کلتورە کۆنەیە کە لە ناوچەکەدا ماوەتەوە، بەڵام بە داهاتنی زمانەکانی تر ناوەکانیان گۆڕاوە (**ئەحمد**:٢٠٠٨، ٧٢)؛ ( کویخا جەلال: ٢٠٠٨، ٦٢). هەروەها ئێدیسا شوێنی بەیەک گەیشتنی کەلتورە جیاوازەکان بووە ئەوەش لە بواری ئاینیدا ڕەنگی داوەتەوە.

٨. ئەو پیاوە ئاینییانەی کە خزمەتی خواوەندەکانیان دەکرد جلێکی سپیان لە بەر دەکرد، کە قۆڵەکانیان درێژ بوو دەگەیشتە خوار چۆکیان، کڵاوی درێژیان دەخستە سەر سەریان وبە پێی پەتی بوون، بەڵام کاهینی گەورەیان کە بۆ تەنها یەک ساڵ هەڵدەبژێردران کە جلێکی ئەرخەوانیان لەبەر دەکرد وکڵاوێکی کە بەزێر ڕووپۆشکرا بوو لە سەریاندەکرد(سیغال: ١٩٨٨، ٦٠).

٩. **بەردیسان**: کە لە ساڵی (١٥٤)ی زایینی لە دایک بووە و لەوانەیە لە (٢٢٢)ی زایینی لە ئەدێسا کۆچی دوایی کردبیت، هاوڕێ و گەورە پیاویکی ئەبگەری هەشتەم بوو (١٦٧-١٧٧)، کە نازناوی نووسەری کفتوگۆیەکانی پاشا ئەبگەری هەشتەمی پێدراوە و لە دادگای ئەبگەری هەشتەم کاری کردووە، نوسەری کتێبی یاسایانی وڵاتان کە ئەم کتێبە لە (١٣) لاپەڕەی دەست نوس پێک هاتوە و ئێستا لە مۆزەخانەی لەندەنە ( Bardaisan:1899,1).

١٠. سەرچاوەکان باسی ئەوە ناکەن کە ئاهەنگی ساڵ ئەنجام دەدرا خەڵک لە دەوری کام پەیکەری خواوەند کۆدەبوونەوە و ڕێوڕەسمەکانیان ئەنجام دەدا، بەڵام دەشێت ئەو خواوەندە خواوەند مانگ ( سین) بووبێت، کە خەڵکی لە ئاهەنگی ساڵ لە دەوری دەسوڕانەوە چونکە خواوەندی سەرەکی ناوچەکە بوو.

١١.ئەبگەری پێنچەم: یەکێک بووە لە پاشا دیارەکانی شانشینی ئۆسرۆێنی بەهۆی گفتوگۆی نێوان ئەبگەر و مەسیح و هەروەها دواتریش چەند گفتووگۆیەکی لە گەڵ خوێندکارەکەی مەسیح هەیە، ئەبگەر بۆ دوو ماوە دەسەڵاتی وەرگرتووە، لە ساڵی ( ٤پ.ز – ٧ز) دواتر لە لایەن براکەوە معنوی

چوارەم لابرا و دواتر جارێکی تر ئەبگەر هاتەوە سەر دەسەڵات لە ساڵی ( ١٣- ٥٠ز) لە ٣٢ یەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتییەکەی ئاینی مەسیحی لە شانشینەکەی بڵاو بۆتەوە ( Thonemann: 1915, 155).

هەرچەندە بیروبۆچوونی جیاواز لە نێوان مێژوونوساندا هەیە لەسەر ئەوەی، کە ئاینی مەسیحی لە سەردەمی ئەبگەری پێنچەمدا گەیشتۆتە شانشینەکە، بۆ نموونە مطران میشێل یستیم دەڵێت: ئەم ڕووداوە لە سەردەمی ئەبگەری یەکەم ڕوویداوە، هەروەها بیغولیفسکایا ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئاینی مەسیحی لە سەردەمی پاشا ئەبگەری هەشت هاتۆتە ئێدیسا (١٩٧٩، ٢٧٢). هەرچەندە بیروبۆچونی ئەم نوسەرە بەهەڵە دادەندرێت چونکە ئەبگەری هەشتەم لە (١٦٧- ١٧٧ز) فەرمانڕەوایەتی کردووە، عیسا لە سەرەتای سەدەی (١ز)ز ژیاوە. بۆیە ئەگەر نوسەر دڵنیابێت لەوەی کە لە سەردەمی پاشا ئەبگەری هەشت بووبێت بەم پێیە چیرۆکەکە لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێیەمی زایینیدا نووسراوە، واتە سێ سەد ساڵ دوای ژیانی عیسا، ئەمەش ئەگەری پەیوەندی ڕاستەوخۆ نامێنێت. بۆیە گومان دەکرێت، کە ئاینی مەسیحی لە سەردەمی ئەبگەری نۆ بووبێتە ئاینی فەرمی، چونکە جولیۆس ئەفریکانۆس گەشتیار و مێژوونوسی مەسیحیی سەدەی دووەم و سەرەتای سەدەی سێیەم بوو. کە لە ساڵی ١٩٥ز لەگەڵ گەشتەکەی سێپتیمیۆس سێڤیرۆس بۆ ئۆسرۆێنێ چووە، باس لەوە دەکات کە لە ئێدیسا چاوی بە بەردیسان و ئەبگەری نۆ کەوتووە، بەردیسان بۆ خوێندنی فەلسەفە چووبووە ڕۆما و لەوێ کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئاینی مەسیحی و بۆتە مەسیحی ( Griffith : D.P,14)؛ Ramelli:2014,109 )، هەرچەندە دوای ماوەیەکی زۆر، بەڵام تا ئێستاش گفتوگۆ لە نێوان توێژەراندا بەردەوامە، بۆ ئەوەی کە بەتەواوی ئەوە بسەلمێنن، کە ئایا ئەبگەری پێنچەم، یەکەم پاشایە کە بووبێتە مەسیحی و لە سەردەمی ئەودا ئاینی مەسیحی هاتبێتە ناو شانشینەکە؟ ناکۆکی سەبارەت بەم پرسە دەشێت شێوەیەکی ترسناک وکێشەدار بێت، ئەمەش بەهۆی نەمانی و لەناوچوونی سەرچاوەکان، چونکە کۆنترین بینای کڵێسای ئێدیسا کە ئێمە پێی دەزانین لە ساڵی (٢٠١) ز بەهۆی لافاوەوە لە ناو چووە (Badawi :2006,vol.20,8). بەڵام یەکێکی تر لە کێشەکان کە ڕووبەڕووی توێژەر بۆتەوە ئەوەیە کە هەندێک لە نووسەران

ئاماژەیان بەوە نەکردووە کە ئەم ڕووداوە لە سەردەمی ئەبگەری چەند ڕوویداوە، و تەنها ئاماژەیان بەوە کردووە لە سەردەمی ئەبگەر مەسیحی لە ئێدیسا بڵاو بۆوە، بەڵام زۆربەی مێژوونوسان کە لە یوسابیۆسەوە ئەم ڕووداوەیان وەرگرتووە، کە ئەویش ئاماژەی بە پاشا ئەبگەری پێنچەم کردووە.

١٢. هەرچەندە توێژەرەوان بەووردی باسی جۆری نەخۆشییەکەیان نەکردووە وتەنها ئاماژەیان بەوە داوە کە تووشی نەخۆشییەکی ترسناک بووە،بەڵام زیاتر ئاماژەکان لەسەر ئەوەن کە نەخۆشییەکەی پاشا نەخۆشی پێست بووە( سیغال: ١٩٨٨، ٨٩).

١٣. هەرچەندە martin ئاماژەی بەوە داوە کە ئەبگەرکچەکەی نەخۆش بووە و نامەی بۆ عیسا ناردووە و داوای لێکردووە کە بێت و کچەکەی چارەسەر بکات، کە عیسا لە وەڵام دا گوتی: کە دوای خۆی یەکێک لە خوێندکارەکانی دەنێرێت بۆ چارەسەرکردنی ( 1934,3). گشت ئەو سەرچاوانەی بەرچاوی توێژەر کەوتوون تەنها martin باسی لەوە کردووە کە کچەکەی نەخۆش بووە، گشت سەرچاوەکانی تر باسی ئەوە دەکەن ئەبگەر خۆی نەخۆش بووە.

١٤. جۆن لوک ئاماژە بەوە دەکات ڕاست نییە بۆ بابەتێکی ئاوا تەنها یوسابیوس بکرێتە سەر چاوە، چونکە یوسابیوس باسی هەموو بابەتەکانی نەکردووە، بۆ نموونە باسی وێنەکەی مەسیحی نەکردووە، هەروەها چەند لاپەڕەیەکی کەمی بۆ ئەم بابەتە تەرخانکردووە ( ٢٠٢٠، ٤).

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم/ کوردی

- **ئەحمد** :کۆزاد محمد، ٢٠٠٨، کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز دا، سلێمانی، چاپی دووەمی، چاپخانەی شفان.

- **علی: ئارام عمر، والی: ئاوات حسن، عەبدولا: شهلە بورهان، علی: ارارات احمد:** ٢٠١٩، مێژووی سیاسی شاری حەران لە سەردەمی دەوڵەتی ڕاشدی و دەوڵەتی ئومەوی لە ساڵی (١٨ک تا ١٣٢ک/٦٣٣ز تا٧٤٧ز).

- **غەفوری:** ڕێزان قادر عەبدوڵلا ئاغا، ٢٠٢١، کاردۆخیاو کۆردوێنی( لە سەرەتاوە هەتا سەدەی ٥ی زاینی لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی-شارستانییە،، سلێمانی، چاپخانەی تاران.

- **ابن کثیر**: ٢٠٠٨، ژیاننامەی پێغمبەران، و: کاروان محمد، چ٢، چاپخانەی مەهارەت.

- **کوێخا جەلال**: کامەران، ٢٠٠٨، مێژووی کۆنی کەرکوک لە بەر ڕۆشنایی دەقەکانی نوزیدا، هەولێر، چاپخانەی خانی.

- **زەکی:** محمد ئەمین: ٢٠٢١، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، جلد: یەکەم- لە مەبدەئی تاریخەوە تا ئەمڕۆ، بنکەی ژین، سلێمانی.

## دووەم/ عەرەبی


- أدي شير :المطران،١٩٠٠، سيرة اشهر شهداء المشرق القديسين، الموصل, في دير الآباء الدومنكرين.

- بيغوليفسكايا: نينا،١٩٧٩، ثقافة السريان فى القرون الوسطى، ترجمة خلف الجراد، موسكو.

- **جاسم**: حامد عبيد، ٢٠٠٦، مدينة حران دراسة في أوضاعها السياسية والدينية والاجتماعية والعلمية خلال العصر الإسلامي، ڕساله ماجستير إلى مجلس كلية التربية (ابن ڕشد).

- **حامد** : اسماعيل، ٢٠١٤، تاريخ المسيحية منذ ميلاد المسيح الى الفتح العربى لمصر، الجيزة، مكتبة النافذ.

- **دراوور**: الصابئة المندائيون،١٩٦٩، ت: نعيم بدوى، عضبان ڕومى، بغداد، مطبعة الارشاد.

- **سيغال**: ج.ب، الرها المدينة المباركة، ١٩٨٨، ت: يوسف ابراهيم جبرا، تقديم غريغوريوس يوحنا ابراهيم، حلب، دار الرها.

- **شلبى**: أحمد، ١٩٩٨، مقارنة الاديان المسيحية، القاهرة، ط١٠، مكتبة النهضة المصرية.

- **عكاشة، على،** شجادة الناطور، جميل بيضون: ١٩٩١، اليونان والرومان، دار الامل للنشر و التوزيع.

- **العابد**: موفيد ڕائف محمود، ١٩٩٩، معالم تاريخ الدولة الساسانية(عصر الأكاسرة) ٢٢٦-٦٥١م، دمشق.

- **غانم** :سليمان سمير، ٢٠١٣، الرها عاصمة الثقافة والتقاليد السورية الشرقية، دراسات وابحاث في التاريخ والتراث واللغات.

- **القيصرى** : يوسابيوس، ١٩٩٨، تاريخ الكنيسة، ترجمة: القمص مرقس داود، ط٣، القاهرة، مكتبة المحبة.

- **كريستنسن** :أرثر، ١٩٥٧، ايران فى عهد الساسانين، يحيى الخشاب( ڕاجعه عبدالوهاب عزام)، بيروت، دارالنهضة العربية.

- **المقدسى**: أبو زيد بن سهل البلخى المطهر بن طاهر المقدسى(ت. ٣٧٨ه)، البدء و التاريخ، بغداد، عادت نشره دار المثنى.

- **مقدسى**: فايز، ٢٠١١، دمشق فى تاريخ المسيحية، مجلة المعريفة، العدد٥٦٨.

- **مكاوى**: محمد أحمد محمد عبدالقادر، (د.ت) الغنوصية نشأتها وصلتها بالفلسفة اليونانية، (د.م).

- **ابن النديم:** أبو الفرح محمد بن اسحق بن ابى يعقوب( ت٣٨٥ه)، ١٩٧١، الفهرست، تحقيف: ڕضا تجدد، طهران.

- **مجيد**: كامەران محمد جلال،٢٠١٠، ميسوپوتاميا العليا فى الصراع الساسانى الرمانى ٢٢٤-٥٧٩م، دراسة تاريخية سياسية، أطروحة مقدمة ألى كلية العلوم الانسانية فى جامعة السليمانية

- **الماجدي**:خزعل، ٢٠٠٧، المندائية والغنوصية، http://www.alnoor.se/article.asp?id=9271، 10/10/2022, 9:11

**سێیەم/ بەفارسی**

- پور: ابوالقاسم اسماعیل، فروز: ناهید مهرا، ٢٠١٧، بازتاب گنوسیزم دراندیشەی ثنویت آیین مانی، دومین کنفرانس بین المللی ادبیات و زبان شناسی.

**چوارەم/ ئینگلیزی**

- **Kubiak: Aleksandra**, 2016, The Gods Without Name? Palmyra, Hatra, Edessa, in: ARAM THE DECAPOLIS History and archaeology HATRA, PALMYRA AND EDESSA Contacts and Cultural Exchanges between Cities in the Fertile crescent before Islam, University of Oxford.

- **Badawi** : Emran El-Badawi, 2006, Tales of King Abgar, A Basis to Investigate Earliest Syrian Christian Syncretism.

- **Bardaisan**: 1899, : Book of the Laws of Countries, Anthony Alcock

- published by F. Nan inres des lois des.

- **Brock**: Sebastian, 2004, Transformations of the Edessa Portrait of Christ, Oxford University.

- **Bauer**: Walter, 1934, ORTHODOXY AND HERESY IN EARLIEST CHRISTIANITY, English Translation ed and supplemented by Robert A. Kraft.

- **Dandrow: Edward**, 2021, An Unpublished 'Medallion' of Elagabalus from Edessa in Osrhoene: Nergal and Syro-Mesopotamian Religious Continuity? In; KOINON The

International Journal of Classical, Volume IV , ONLINE SAMPLER, Archaeopress Publishing Oxford.

- **Drijvers**: H.J.W ,1982, Cults and Beliefs at Edessa. Études préliminaires aux religions orientales dans l'empire romain , Originalveröffentlichung in: Berets

- **Drijvers**: HAN J.W. DRIJVERS and **Healey**: JOHN F. HEALEY, Date: 14 Nov 2016, THE HISTORY, CULTURE AND RELIGION OF EDESSA(The Old Syriac Inscriptions of Edessa and Osrhoene)-, Publisher : Brill, DOI:https://doi.org/10.1163/9789004294080_004

- **Dunbabin**: Katherine M.D, 1999, Mosaics of the Greek and Roman, Press, Cambridge, UK: Cambridge University.

- **White: Danielle**: Independence and Mosaics in Edessa.

- **R.Ellis** : 2012, Jesus,king of Edessa , puhlished in the U.K R.Ellis

- **The Editors of Encyclopaedia Britannica**. "Abgar legend". 20 Jul. 1998, https://www.britannica.com/topic/Abgar-legend. Accessed 5 April 2022.

- **Griffith: Sidney**, Christianity in Edessa and the Syriac-Speaking World Mani, Bar Daysan and

- Ephraem, The Struggle for Allegiance on the Aramean Frontier, Catholic University of America.

- **Griffith**: Sidney H, 2009,The Syriac Institute and Gorgias Press THE DOCTRINA ADDAI AS A

PARADIGM OF CHRISTIAN THOUGHT IN EDESSA IN THE FIFTH CENTURY, Hugoye: Journal of Syriac Studies, https://doi.org/10.31826/hug-2010-060111, 10/10/2002, 11:30pm

- **Guscin**: Mark: 2016, The Tradition of the Image of Edessa, Uk, Cambridge Scholars Publishing.

- **Johnson**: Dale A, 2010, : Syriac Influences in Western History, Library of congreas Cataloging-m-Publhcation,United States of America.

- **Loken**: John, 2020, The Vision of King Abgar in Eusebius Considered as the Shroud of Turin1.

- **j. p. martin**, 1934, Les Origines de l'Église d'Édesse et des églises syriennes, Paris.

- **Ramelli**: Ilaria, 2014, P VITA E PENSIERO EDESSA E I ROMANI FRA AUGUSTO E I SEVERI: KASPETTI DEL REGNO DI ABGARVE DI ABGAR IX Published by: Vita e Pensiero–Pubblicazioni dell'Università Cattolica del Sacro Cuore Stable URL: http://www.jstor.org/stable/20860932 , Accessed: 15/06/2014 10:10 Your.

- **Ross** :Steven K., 2001, ROMAN EDESSA Politics and culture on the eastern fringes of the Roman Empire, 114-242 CE, London, published in the Taylor.

- **Salman**: Barış, 2008, Family, Death and After life According to Mosaics of the AbgarRoyal Period in the Region of Osroene.

- **Thonemann**: Peter, 1915, The Journal of Roman Studies, volume v, Published for the Society for the Promotion of Roman Studies, SN: 0075-4358 (Print), 1753-528X (Online).
- **WILSON**: LAN, 2010, THE SHROUD(THE 2000-YEAR-OLD MYSTERY SOLVED SHROUD).
- **Drijvers**: - **H. J. W,** 2009, Some new Syriac inscriptions and archaeological finds from Edessa and Sumatar Harabesi, Www.cambridge.org, Published online by Cambridge University, https://doi.org/10.1017/S0041977X00097962. 6/10/2020, 12: 30pm

## پێنچەم/ تورکی

- **ükran :YA AR**, 2003, Edessa Mezar Kitabe Ve Mozaiklerine Göre* Urfa Paganlar nda Ahiret nanc, Cilt:1 Say :1 Celal, Celal Bayar Üniversitesi, Fen-Edebiyat Fakültesi, Tarih Bölümü, ManisaÖZET.
- **Keller**: Olga, 2019, OPERE ET VERITATE Sammelband von wissenschaftlichen Werken, gewidmet dem 10-jährigen Jubiläum der Zusammenarbeit zwischen den Historikern von weißrussischen Universitäten und der Universität Tübingen, BILAROS.


## پاشکۆ ١.وێنەکان



وێنەی ژمارە (١) تەختی پرسە لە مۆزایک دروستکراوە، ئەم مۆزایکە لە یەکێک لە گۆڕەکانی ئێدیسا دۆزراوەتەوە و ئێستا لە مۆزەخانەی ئورفایە (Salman: 2008, 109). (Markwardt: 2008,23)



وێنەی ژمارە(٢)، ئەنجامدانی ڕێورەسمی ئاینی، مۆزایکێک لەسەر دیواری گۆڕی لە ئێدیسا دۆزراوەتەوە، (SALMAN: 2008, 106).




**٢**.نەخشەی شانشینی ئۆسرۆێنێ

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشتبەستن بە: (مجید: ٢٠٠٨، ١٩٨).

گۆڕانکاری تێداکراوە لەڕێگای بەرنامەی (Arc GIS V10.6).

**ملخص البحث**

المعتقدات الدينية فى مملكة أًسروين (١٣٢قبل م -٢٤٢م)، كانت مملكة أًسروين والمناطق المحيطة بها مركزا للمجتمعات البدائية فى العصور ماقبل التاريخ، ولاحقا مع مرور العصور التاريخية انتشرت العبادات المختلفة والمتنوعة داخل شعوب المنطقة؛ مثل الخوريون، التى تمثل فى الضواهر الطبيعية، و كذلك المدينة المقدسة، مدينة حران التى ترتبط اسمها بحضرة سيدنا ابراهيم الخليل، وكذلك ظهور جماعة دينية التى كانت تعرف بأسم الصابئة، التى استمرت حتى بعد ظهور الإسلام، هذا من ناحية ومن ناحية اخرى، كانت هذه المدينة منذ التاريخ القديمة، مركزا لعبادة الإله السين (القمر). اصبحت هذه المناطق وبالاخص العاصمة إديسا مكاناُ مقدساُ للمسيحيين ايضا، وهكذا ارتبطت انتشار الديانة المسيحية بمملكة أسروين، الملك ابجر الخامس، ولذلك يعتبر هذا المكان مكان مقدس للمسيحين ايضا.

يهدف البحث المعنون إلى البحث عن تلك أفكار والمعتقدات التي كانت سائدة في ذلك العصر في هذه المنطقة كان لهم دور، والجواب على هذه الاسئلة كم كان المعتقدات مكمل لبعضها ولهم تأثير على المجتمع، أيضا كيف ومتى انتشرت المسيحية في المنطقة؟، وإلى أي مدى لها جذور تاريخية للقصص التي تتناول هذه المواضيع؟ إلى أي مدى لعبت هذه المملكة دورًا في انتشار المسيحية في المنطقة؟



كلمات افتتاحية: المعتقدات القديمة، حران، العقيدة المسيحية، الصابئة، مملكة أوسروين.

## Abstract

"Religious Beliefs in the Kingdom of Osroene (132 BC-242 AD)".

In Prehistoric times, the regions of Osroene were the center of simple societies. Later, with the historical periods, the belief in polytheism spread among the peoples of the region, such as the Hurrians, which manifested itself in natural phenomena and a holy city such as Haran, which is associated with Abraham. There was also the emergence of the Sabeans, which was a religious group, and continued until the Islamic era. On the other hand, the city has been the center of the worship of the moon god Sin since ancient times. These factors became the reasons which led the area, especially the capital Edessa, to become a holy place for Christians. As a result, the first Christianity spreads were associated with King Abgar V of the Osroene Kingdom, making it a holy city for Christians.

This research is going to deal with those beliefs which were existed in the area, and also to answer those questions on how those beliefs are related to each other, And what effects they have had on society. This research is also shed lights on how Christianity spreaded in the area , and do those stories have historical background. And also this to answer this question: Does this kingdom have any roles in spreading Christianity in the area


Keywords: Ancient beliefs, Harran, Christian beliefs, Sabeans, Kingdom of Osroene.